## پەیامی خەڵک

* نازانم بۆ کە مانگی رەمەزان دادێ دوکانداره پاوانخوازەکان بە ئارەزووی خۆیـان نرخـی کـەل‌و پـەل‌و پێداویـستیەکان بـەرز دەکەنـەوە، لایەنـە پەیوەندداره‌کان‌و بەرپرسەکانیش چاوی خۆیان دادەخەن‌و نقە ناکەن؟!.

**فەرمان محەمەد**

* هەمووومان دەزانین رێگەی بەغداد – کەرکوك بۆ کورد بۆتە رێگەی مـەرگ، بەڵام نازانین کەی کورد واز لـە بەغـداد دەهێنـێ؟!، ئـاخر رۆژانـە هـەزاران کـەس گیانی خۆیان لەسەر لـەپی دەستیان دادەنـێن‌و ملـی ئـەو رێگەیـە دەگرنـە بـەر، هەندێکیان لە هیچ‌و خۆڕایی تێدەچن‌و خەفەتیش لە دوای خۆیان جێدەهێڵن.

**رووناك. م. قادر**

* عـادەتێکی سـەیر پەیـدابووە، بەرپرسـەکان قـسە بـۆ رۆژنامـە ئەهلیـەکان دەکەن‌و سووکایەتی بە هەندێ لایەن دەکەن، کەچـی لایەنـەکان جورئـەت ناکـەن سـکاڵا لـە دژی بەرپرسـەکە تۆمـار بکـەن، دێـن‌و لـە دژی رۆژنامـەکان هەڵوێـست وەردەگرن.

**دڵسۆزێکی رۆژنامە ئەهلیەکان**

* هەقە هـەمووومان سوپاسـی هێزەکـانی پـۆلیس‌و ئاسـایش بکـەین، چـونکە ئێستا زۆر شارستانیانە رەفتار لەگەڵ خەڵك دەکەن. بەم گوێیانە گوێم لێ بوو کـە هونەرمەندان سوپاسی هەڵوێستی ئاسایشیان دەکردو گلەیشیان لە هاوپیـشەکانی خۆیان دەکرد، ئەمە نیشانەی پێشکەوتن‌و گۆڕانی کۆمەڵگە دەگەیەنێ.

**ئارەزوو سابیر**

## یەکەم مامۆستام لە کوردستاندا دەستم لەکارکێشایەوە...

**عەباس حەمید گەرمکی**

لەبـەر هـۆی کـەم دەرامـەتی‌و بـاری ئابووری وای لێکردم کە دەست لـەو پیشە پیرۆزەیـە هـەڵگرم وەك مامۆسـتای بەشـی مۆسـیقای پەیمانگـەی هونەرەجوانـەکانی کفـری. وە لەبـەر هەسـتنەکردن بـەباری گوزەرانی مامۆستایانەوە لەلایەن حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە کـەوا بایـەخێکی ئـەوتۆیان نـەداوە بـە مامۆسـتا. وە پەراوێزکردنی لەرووی خزمەتکردنەوەو گـوێ نـەدان بەداخوازییـەکانی وە لەبـەر کێـشەی گرانـی بـازاڕو بەرزبوونـەوەی کرێـی خـانوو چۆن مامۆستایەك مووچـەکەی سـەدو سـی‌و پێنج هەزار دینـار بێـت لـە هـەمانکات کرێـی خانووەکەی 200 هەزار دینـار بێـت. ئیـدی لایەنـەکانی تـری بـژێوی ژیـانی خـۆی‌و منداڵەکانی چۆن چارەسـەر و دابـین بکـات. لەکاتێکدا هـەموو بایـەخێ: دراوە بـە بـواری سـەربازی‌و رۆژانـە چـەندین ملیـۆن دینـار خـەرج دەکرێـت بۆیـان. ئایـا ئەنـدام پەرلەمانێك یان هەر وەزیرێك لە جێگـەی مـن بێـت چـی دەڵێـت بـە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان لەبەرئەم هۆیانـەو چـەندین هـۆی تر کە رۆژانە رووبـەڕوومان دەبێتـەوە لەگـەڵ هەست کردن بە نارەحـەتی‌و ئـازاردا نـاتوانم لـەو پیشەیە بـەردەوام بم چـونکە مامۆسـتا ئامانجی ئەوەیـە کـە خوێنـدکارەکانی خـۆی پـێ بگەیەنێت بەتایبەت لەبواری هونەردا.

سـەرەڕای ئـەم هـەموو کێـشانەش چـەندین وانـەم وتوەتـەوە بـەخۆڕایی لەبـەر بەرژەوەنـدی پەیمانگەکـەمان بـەخۆڕایی مەبەسـتم لـەم بـارەوە ئـەوەبوو کـە خوێنـدکارەکان سـاڵی خوێنـدن تـەواو کـەن بـەبێ کێـشە. وە لەمانگێکـدا سـەدو بیـست وانـە دەڵێمـەوە هـەر هـەمووی خۆبـەخش بـووە، مـن داوای سـەیارەو کۆشـك‌و تـەلار ناکـەم تـەنها ئـەوە نـەبێت سـەد مـەتر پارچەزەوی نیشتەجێم بۆ دابین بکەم، بـەڵام بەداخـەوە ئـەم مافـە سروشـتیەم پـێ رەوا نەبینرا، چونکە یاسایەك هەیە لەکوردسـتاندا دەبێت فەرمانبـەر بـە خـاڵ زەوی وەرگـرێ، تەنانـەت ئـەم کێـشەیەش رووی زۆربـەی مامۆستایانی کوردستان دەگرێتەوە کە تـازە دامەزراون. من بۆخۆم خاوەنی پێـنج منداڵم گەورەکـەیان تەمـەنی نـۆ سـاڵە بـچووکەکەیانیش دوو سـاڵە ئایـا لەرێنمایـەکانی مـافی مرۆڤـدا نـەهاتووە کـە دەڵێـت هـەر خێزانێـك پێویـستە جێگـەی نیشتەجێبوونی بۆ دابین بکرێت لەلایـەن ئـەو حکومەتەی کەوا لەسێبەریدا دەژیێت.

لەکۆتاییـدا داوای لێبـووردن لەخوێنـدکارە خۆشەویستەکانم دەکـەم لـە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کفری بەشـی مۆسـیقا کـەوا بڕیـارێکی کتـوپڕم داوە کـە لـەلای هـەموویان دڵگـران‌و نـاخۆش بـووە خۆشەویـستی ئـەوانیش بـۆ مـن هـەموو سەروەت‌و سامانێك دەهێنێت.

## گەشتێك بەناو پرۆژە تەواو نەکراوەکانی چەمچەماڵ

**مامۆستا/ عەدنان سیا مەنسووری**

چەمچەماڵ یەکێکە لە شارە دێرین‌و کۆنـەکانی کوردسـتان لانکـەی شارسـتانی ناوچەکەو شـوێنی سـەر هەڵدانی کشتوکاڵ کردنـە. گونـدی ( چـەرمو) کـە لەقـەراغی شارەکەیە بۆ یەکەم جار لـەوێ کیشاوەرزی پەیـدا بـووە لەلایـەن مرۆڤـەوە ئێـستاش شوێنەواری ئەو شارستانیەی هەر تیا مـاوە. ئەو شارە لەبـەر خـاتری ئـەو گرینگیـەی لـە مێژوودا ئەگەر لەهـەر وڵاتێکی دیکـەی دنیـا بوایە رەنگە وا بێ نـاز نەبوایـە. لـەم ساڵانەی دوایدا پرۆژەیەکی زۆر بۆ ئەو شـارە دەرچـوو، هەنـدێکیان تـەواو بـوون‌و بـەڵام هەندێکیان هـەر درێـژەی پێـدەدەن و تـەواو بوونیان بۆتە مایەی بێزاری‌و نیگەرانی خڵکی شارەکە هۆی بێزاریەکـەش ئەوەیـە خـەڵکی هۆکـاری دوا خـستنوو تـەواو نـەبوونی ئـەو پرۆژانـە نـازانن هـەق وایـە قائمقامیـەت و شارەوانی شارەکە لایەنی کەم چەند مانگێك جارێـك لـە هـۆڵێکی گـەورە کۆبونـەوەیکی جـەماوەری بگـرن‌و شـتەکان بـۆ خـەڵك رون بکەنەوە گوێ لە خـەڵك بگـرن وەڵێ فایـدەی چــی‌و بــەکێ دەڵێــی، تــەواو بــوونی نەخۆشـخانەی گـشتی دادگـای چەمـچەماڵ‌و هەنـدێ جادەویـان‌و شـووقەکان مایـەی دڵخۆشی یە بەڵام کۆمەڵێ پرۆژەی دیکە هەن کە وەکو ئۆتۆمبێلی لای فیتـەری لێ هـاتووە کە پارچەیەکی لێ دەکەنـەوەو وازی لێـدێنن‌و دەچنە سەر دانەیەکی دیکـە ئـەو پرۆژانـەش نیوە چڵ کراون‌و وازیان لێ هێنراوە. لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بیر هێنانـەوەی لایەنـە بەر پرسەکان تەنها چەند پرۆژەیەك بەنموونە دەهێنینەوە

1– پردی نێوان چەمـچەماڵ‌و شـۆڕش لەسەر شەقامی گشتی سلێمانی . ئەم پـردە لە تەندەردا ماوەی (500 رۆژ)ی بۆ دانراوە، وا خەریکە دووجار ئەو ماوەیە تەواو دەکات، بەڵام هێشتا کارەکـە نیـوەی تـەواو نـەبووە، ئەمە جگە لەکۆمەڵێ کەمو کوڕی ئەندازەیی‌و خراپـی کارەکـە، لەلایـەك دیـواری ڕاگـر بـۆ خۆڵەکەی نەکراوە خەریکە خۆڵ دوکانـەکانی نزیکی داگیر دەکات لەلایەکی دیکە کارەکە ئەوەندە خاو دەڕوا ناویان ناوە (جسری کوڕو باوکەکە) چونکە تەنها دوو کـەس کـاری تیـا دەکات. کەس نازانێ کێ بەرپرسە لەو کارە. چونکە لەدەسەڵاتی شارەوانی و قائمقامیشدا نیەو تەندەرەکەشی لە شوێنێکی دیکەدا پـڕ کراوەتەوە

2–پرۆژەی هێڵی تەلـەفۆنی دیجیتـاڵ‌و بەدالـەی نـوێ بـووە بـە خـەونی شـارەکەو خـەڵکی چـاویان ڕواو سـەبریان سـوا هـەر نەگەیشت بۆچی توخوا.

3–مزگەوتەکـەی شـەهید عـەلی عەسـکەری لـە پـێش ڕوخـانی ڕژێمـی بەعسەوەدەستی پێکراوە کۆمـەڵێ خـەڵکی دەوڵەمەند کرد خۆی تەواو نابێ‌و کارەکەیان ڕاگرتووە وای لێ هاتووە لەسەر دیوارەکانیش نووسراوە ( تکایە زبڵ لێرە فرێمەدەن).

4–پرۆژەی دروسکردنی نوێ (5 بینـا) ی خوێنـدنگاو دوو بنکـەی تەندروسـتی ئەوەنـدە ئەمسـاڵ نـا ئەمسـاڵیان پێکـراوە قوتـابی سـەرەتایی گەیشتنە زانکـۆ بـەڵام هێشتا هەندێکیان هەر دەوستی لێنەدراوە بە چۆڵی ماوەتەوە هەندێکیشیان مێرووله ئاسا کاریان تیا دەکرێ.

5–پـرۆژەی قیرتـاوی گـەرەکی پیریادیـەکان ئەگـەر ئەمـساڵیش نـەکرێ بـا چاوەڕوان بن،ئـەوە تـازە بـەتازە کۆڵانـەکان وێران کراونەتەوەو چاك نـەکراون، هـەموویان پێکەوە دەکرێ.

6–پـرۆژەی یاریگـای سـەرەکی و یاریگایەکی دیکـەی سـەر سـەقامو پـرۆژەی بینـای چـاودێری منـداڵان‌و تـەخت کردنـی (مەرکـەز تـەوزیع)و بـەجێهێنانی چـەندەها پـرۆژەی وردو دروستی دیکـە کەهەنـدێکیان هێشتا لەسەر کاغەزن.

# دووبارە بوونەوەی کۆچی لاوان بۆ هەندەران

**شاناز**



پـاش راپـەڕین لـە کوردسـتان، گەمارۆی ئابووری نێودەڵەتی و حکومەتی عێراقی، کوردستانیان برزە بـڕاو کردبوو. هـەژاری و بـێ دەرامـەتی خەڵکەکـەی بەتـەواوی بـێ ئومێـد کردبـوو، پاشـان شـەڕی نـاوخۆ و براکـوژی لـە لایەکـەوە، دزینن‌و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی کوردسـتان، کـێ بڕکـێ گیرفـان پڕکـردن لەلایـەن حزبـە دەسـەڵاتدارەکانەوە لـە لایـەکی تـرەوە رووخانـدنی ژێرخـانی ئـابووری و وێرانـی کوردسـتان، ئەمانـەو هەزاران کێشە و ناخۆشـی‌و بێـزاری، وای لەخەڵکان‌و گەنجانی کوردستان کـرد، کـە بەهـەموو چینەکانیەوە لـە خـاکی دایـك بێزاربین‌و بەرەو تاراوگەیەکی نامۆ بڕۆن.

لێـشاوی کۆچـی گـەنجان‌و بـەجێ هێشتنی کوردستان بووە مایەی سەرنجی وڵاتـانی دراوسـێ‌و ئەوروپیـەکان. تـاوای لێهـات بەرپرسـانی کوردسـتان، خۆیـان هەستیان بە بێزاری خەڵکی کرد بەرامبـەر خۆیان، کە بـەهۆی کـێ پڕکـێ ی دزیـن و شەڕی ناوخۆو نەیان توانی بەر بەستێ بۆ ئـەو کۆچـە زۆرەی لاوان بـۆ ئـەورووپا دابنێن و کوردستان ئارام بکەنەوە.

بەهـەرحاڵ پـاش ماوەیـەکی زۆر هـەردوو حزبـە دەسـەڵاتدارەکەی کوردسـتان، بەشـەقی ئـەمریکا و هاوپـەیمانانی تـوانرا رێـك بخرێتـەوە حکومەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنن. بووە هـۆی کوردسـتان کـەمێك ئـارام ببێتـەوە بژێوی خەڵکی کوردستان تاڕادەیەك بـەرز بێتەوە، ئەو کۆچە لێشاوەی گـەنجان بـۆ ئەوروپا تاڕادەیەك کەم بکرێتەوە.

بـەڵام پاشـی دامەزراندنـەوەی حکومـەتی نـوێی عێراقـی‌و هـەرێمی دیسانەوە وەك ساڵانی پێشوو دووبـارە کۆچـی لاوان دستـی پـێ کـردەوە. ئـاخۆ هـۆی دووبـارە بوونـەوەی ئـەم کۆچـە ناوادەیـەی لاوانـی کوردستان چـی بێـت. هـەر بەمەسـتی راپرسـی، پرسـیارمان لـە چەند لاوێك کرد کە مەبەستیان رۆشتن بوو بەرەو هەندەران، خاکی کوردستانیان بەجێ دەهێشت پرسیارمان لێ کردن.

چـی وات لێ دەکـات کـە کوردسـتان بەجێ بهێڵیت؟

چ بـەلاوان دەڵێیـت؟ پـەیامت بـۆ حکومەت چی یە؟ ئاواتت چی یە؟

شالاو حسن: لە داخی بـێ بەرنامـەی حکومـەت و دزینـی سـەروەت‌و سـامانی کوردسـتان لەلایـەن مـشە خۆرەکانـەوە دەرۆین، خۆشی و ئـارەزووی وڵات تـەنها بۆ کچان‌و کوڕانی کاربەدەستانی حزبـە گەورەکان و دەوڵەمەندانە، باچاوی مناڵی هـەژاریش هـەر زەقـەی بێـت، بـەلاوانی شـارەکەم دەڵـێم، ئەگـەر حـاڵ وابـڕوات بەرنامەی حکومەت هەروابێ، رۆژێ زووتر بەرەو هەنـدەران بـڕۆن درەنگـە، باخـاکی کوردستان هەر بۆ ئەوان بێت، پـەیامم بـۆ حکومـەت، ئەگـەر ئـەوان ئێمـە بـەکوڕی میللەت و وڵات نـازانن، ئـەوا ئێمـە خـاکی کوردستانمان شایەتە بۆ وامان لێ دەکەن. ئاواتم ئەوەیـە کـە کوردسـتان سەرتاسـەر وەك یـەك بێـت، کیـسە جیـایی حـزب نـەمێنێ. دزی‌و بورتیـل خـواردن واسـتە نـەمێنێ مـافی هـەژار نـەخورێ و دەسـەڵاتدار وەك بـەرزەکی بانـان بـۆی دەرچێ.

ئـاری جـەمال: هـۆی رۆشـتنم لەبـەر گرانی و بێ ئاو و کارەبـای و ناعەدالـەتی لە هەموو بوارەکاندا، هەموو خۆشیەك بـۆ بەرپرسان و ماڵ‌و منداڵ‌و کەس‌و کاریانە. ئەوەی بیریان نەبێت میللەتە، بەڵام کاتێ هەڵبـژاردن دێتـە پـێش مـاڵ بـەماڵ دەگـەڕێن‌و دەڵـێن دەنگمـان بـۆ بـدەن. بـەلاوان دەڵـێم تـازووە باخۆمـان لـەم دۆزەخەی کوردستان دەربکەین، ئەوانەی لـە ئـەورووپان لـەرووی ژیـرو هەسـتەوە هیچیان لەئێمە زیادنیە، ئێمـە لێـرە ژیـرو هۆشمـان لێ تێـك چـووە. پـەیامم بـۆ حکومـەت تکایـە کـارێکی وابکـەن نـەك گەنجانی وڵات رابکەن، بـا وڵاتمـان ببێتـە ئـەورووپاو ئـاواتم خۆشـی‌و هـەرزانی لـە کوردستاندا هەبێت، چیتر رۆڵەکانی کـورد ئاوارەی وڵاتان نەبن.

بـەڵێ ئەگـەر سـەردان‌و گـەرانێك بکەین بەناو نازاڕو دوکان‌و ماڵانـدا، گـوێ لە کۆمەڵ بەکۆمەڵی گەنجان بگرین، تەنها بـاس باسـی کـۆچ کردنـی لاوانـە بـەرەو هەنـدەران. ئـەم کـۆچ کردنـە بێزاریـەکی زۆری لەپشتەوەیە بۆتە هۆی خـەڵکان لـە ژیانی خۆیان زۆر ناڕازین.

گەرچی ئێستا وڵاتمـان نەگجـەمارۆی ئـابووری لەسـەرە، نەشـەڕی براکـوژی و نەشـەڕی کـوردو عـەرەب. ئەوپـەڕی ئاشتی‌و ئاسایش لە کوردسـتان بەرقـەرارە. بگـرە ئابووری وڵاتمان زۆر بـەهێزە، حکومـەت خاوەن دەرامەتێك‌و سـەروەت‌و سـامانێکی زۆرە، چ لەکوردسـتان‌و چ ئەو بڕە پارەیەی لە حکومـەتی عێراقـی وەردەگـرن زیـاترە لەئاسـتی بـژێوی خەڵکەکـەی بـەڵام هـەرگیز کـارێکی واناکـەن هـاوڵاتی سـوودمەند بێـت و دەوڵەمەنـدبن و بـیر لـەهیچ داواکاریـەك بکەنەوە. تەنها راکە راکە بکـەن بـەدوای بژێوی رۆژنـەدا ماندوویان بکـەن. ئەگـەر هـاوڵاتی داوای مـافی خۆیـان بکـەن و خۆپیـشاندان بکـەن، ئـەوا بەندیخانـە کۆنـەکانی بەعـسیەکان چـاوەڕێیان دەکەن.

کاتێکیش دێتە سەرباسی هەڵبژاردن حکومـەت‌و حزبـەکان، لـە ڕاگەیاندنـە کانیانـەوە بەهـەموو شـێوەیەك گوفتـارو وتـار دەدەن. کـە کوردسـتان دەکەنـە بەهەشت‌و هەژاری‌و نەداری سـەر دەبـڕن و دەیکەنە قوربانە بـۆ خـۆش گوزەرانی خـەڵك، گـەورەو بـچوك سـوێند دەدەن بەخوێنی شەهیدان و ئەنفال‌و کیما باران بەندیخانـەو ئازارەکـانی بەعـسیەکان و وێرانـی کوردسـتان، دەکەنـە رەشـماڵ و لەبـەر دەرکـی هـەموو ماڵێکـدا هـەڵی دەدەن. هەروەها خەونی مناڵان و ئاواتی گەنجان و خۆزگەی پـیران لەیـەك کاتـدا جـێ بـەجێ دەکـەن. بـەڵام پـاش هەڵبژاردنـەکان ئـەو بـەڵێن و بڕیارانـەی حکومـەت و حزبـەکان، بـە هاوڵاتیـان و خەڵکی کوردستانیان دابوو هـەمووی بۆ گیرفـان‌و تاکـە کەسـی حزبـەکان بـوو. لێـرەدا کۆمـەڵانی خـەڵك تـەنها هیلاکی‌و زوو لەخـەو هەسـتان‌و پێـشبڕکێی زوو چـوونە ژوورەوە بـوو کـە دەنـگ بدەنـە لیـستی فـشەکەرەکان. کـاتێ لایەنـەکان پڕوپاگەندەیان بۆ خۆیان دەکرد، هـەموو شـتێ لـە قـازانجی ئەوانـدابوو بەفـشە چـــەورەکانیان خـــەڵکیان بـــەرەو خلیسکێنەی سندوقەکان دەبرد. بـەڵام پاش ئەوە گرانی‌و بێ سووتەمەنی زیـاتر باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێ، جگـە لـە بـێ ئاو و کارەبایی کە زۆربەی هاوڵاتیـان بـێ بەشـن لێـی. هـەروەها دامەزرانـدن و شوێنی بـاش و پۆسـتی بـەرز، تـەنها بـۆ کاربەدەسـتان و دەسـتەو دائیرەکـانی ئەوان و کەسوکاریانە، منـاڵی هـەژاریش بـۆ دامەزرانـدنێك هـەزار ئەمـسەرو ئـەو سـەری پـێ دەکـەن. ئـەم بێزاریـە تـەنها گـەنجانی نەگرتۆتـەوە، بـەڵکو منـاڵ‌و پیریـشی هـەمان نارەحـەتی رووی تـێ کردون، بەڵام وەك توانا هێـزی جەسـتەی ئەوان ناتوانن ناڕەحەتە رێگا بـبڕن‌و وڵات بەجێ بهێڵن.

هەربـە مەبەسـتی پرسـو ڕا نێـوان کەسوکاری لاواندا، سەبارەت بـە دووبـارە بوونـەوەی کۆچـی لاوان بـۆ هەنـدەران، پرسیارمان ئاراستەی بەڕێزیان کرد.

رات چی یـە بەرامبـەر کۆچـی لاوان؟ هۆکاری ئـەم کۆچـە کردنـە دەگەڕێتـەوە بۆچی؟ دوا وتەت چی یە؟

ئەحمەد عەباس/ مامۆستا: زۆرم پـێ ناخۆشە کە لاوان وڵات و نیشتیمان جـێ دەهێڵن‌و بەئاواتی خۆیـان نەگەیشتوون، پاش ئـەوان عەرەبـە ناڕەسەنەکان دێنـە کوردستان و بێزامان دەکەن هۆکارەکـانی دەگەڕێنمەوە بۆ گرانی‌و بێ سووتەمەنی‌و جـێ بـەجێ نـەکردنی مافـەکانی خـەڵك لەلایەن حکومەتەوە، هەروەها ناعەدالەتی لـەکارباری وڵاتـدا. دوا وتـەم خۆزگـە ئەوەندەی میللەت خەم خۆری حکومەتە، حکومەت نیو هێندە خەم خـۆری میللـەت بوایە.

ژیان کەمال_ فەرمانبـەر: بەڕاسـتی مایـەی نیگەرانیـە کـە لاوان وڵات‌و خـاکو نیـشتیمان جێ بهێڵن کە وڵاتـی خۆمـان پێویستی بە هێزی کارە. هەمووی تـاوانی حکومـەت‌و بـەر پرسـانە، بـا خـۆش گـوزەرانی‌و هـەرزانیمان بـۆ دەسـتەبەر بکەن بزانن کەسێ دەڕوات. دەڵێم خوایـە لەمە زیاتر گەنجانی وڵاتمان دەربەدەری وڵاتان نەکەی.لێرەدا زۆربـەی خـەڵك ئـەم کۆچـەی لاوان دەگەڕێنتـەوە بـۆ تـاوانی حکومـــەت، چـــونکە حکومـــەت هـــیچ خـــەمخۆری میللـــەت نیـــە، یـــاخود هـــیچ هـەنگاو و پێـشنیارێك دانـانێ تابێتـە بەربەسـت بـۆ کـۆچ کردنـی لاوان ئـاخۆ تاکـەی حکومـەت لـە گـوزەرانی خـەڵك‌و گرانی‌و بێ سووتەمەنی‌و کـەمی مووچـەو گەندەڵی‌و هەزاران کێشەی تری هاوڵاتیان بپرسـێتەوە ئەوەنـدەی حکومـەت‌و سەرمایەدارن، کۆشك‌و ڤێلاو باڵەخانە بـۆ خۆش گوزەرانی خۆیان دەکەنەوە، بازاڕو شاری پێ دەڕازێننەوە. باسـەرمایەکانیان بخەن کارگەو شوێنی کارکردن، بۆ ئەوەی داهـاتێکی زیـاتر بـۆ وڵات بنیـاد بنـێن‌و لاوانی وڵات بێ کـار نـەبن داهێنـانی نـوێ بهێنەکایـەوە لەهـەمان کاتـدا لـەرووی پیـشەسازیەوە وڵاتمـان لەزۆربـەی وڵات دەوڵەمەنـدترە. ئـەو لاوانـەی کـە دەڕۆن هیـچیان لـە خۆشـیدا نـاڕۆن، لـەتاو نەهامەتیـەکان سـەری خۆیـان هەڵدەگرن بگرە زۆر ناخۆشی ڕێگا دێتە بـەردەمیان، زۆربەیان خانوو یـاخود کەلوپـەلی ناومـاڵ دەفرۆشن، یاخود بە قەرزو قۆڵەی خـزم‌و برادەر دەڕۆن، زۆر جـار بـەخت یاوەریـان نابێـت، لـەرێگادا لەلایـەن پاسـەوانی سـنوورەکانی ئێـران و تورکیـا و ئەسـینا دەگیرێن، تالانیان دەکەن‌و پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن و بەنائومێدی دەگەڕێنـەوە ئەویش خۆی لەخۆیدا کێشەیەك دروسـت دەکـات بـۆ لاوان. یـاخود مـەرگ دەبێتـە میوانی رێگاو کۆتایی بە ژیانیـان دێنێـت، بالـە مـەزیاتر حکومـەت لـەم ئاسـتەدا نـەنوێت، چـیتر رۆڵـەکانی کـورد نەبێتـە قوربانی رێگـای هەنـدەران. باگوێ بـۆڕاو بۆچونی لاوان‌و خەڵکی بگرن، داواکایەکان بـۆ دەستەبەر بکـەن. چـونکە هـەر ئـەو لاوانەن لەکاتی هەڵبژاردندا بەخوێن گـەرم بانگیان دەکەن، لەکاتی شـەڕدا بەشـێری ناو جەنگەڵ‌و هەڵۆی بەرزەفڕ و بروسکەی شەوەزەنگ . هتد بانگیان دەکەن.

## وەک خۆی



**تاکەی بەرپرسان لەبەرانبەر دیاردەی سواڵکردن بێ دەنگ دەبن !!**

**وێنە: ئارام سدیق**